مەسرور بارزانی لەگەڵ هەریەکە لە ئەردۆغان و وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ئەنقەرە کۆبووە

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی ماو بەدرێژکراوی هەرەمی کوردستان، لەگەڵ ئەجەب تەیب ئەردەگان، سەرۆککۆماری تورکیا لە ئەنقەرەی پایەختی وڵاتەکەدا کۆبووەوە.

ئەمەش لەکاتێکدا بەیانی ئەمڕۆ سەشەممە 7ـی 1ـی 2024، سەرۆکی حکومەتی هەرەم بە سەردانێکی ڕانگەیەندراو گەیشتە تورکیا و لەگەڵ هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا و سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەو وڵاتە کۆبوویەوە.

لە کۆبوونەوەی لەگەڵ هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا گفتوگۆ لەبارەی بەرەودان بەرەو پەیوەندییەکانی هەرەمی کوردستان و تورکیا و دواین پەرەسەندنەکانی بارودۆخی گشتیی عێراق و ناوچەکە کرا، ئەمەش بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرەم.